Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.10

# کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهای پەروەردەیی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر

**هێردن ابراهیم احمد/** بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Herdn Ibrahim Ahmed
herdn.ahmed@su.edu.krd

RECEIVED :20 /08/2024
ACCEPTED :08/12/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
تیکتۆکەر،
بەهای پەروەردەیی،
ئەخلاقی دیجتاڵی،
ڕەفتاری
پرۆکۆمەڵایەتییەکان

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، ورد دەبێتەوە لە چاویلکەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوە. لە دیمەنێکی دیجیتاڵیدا کە بە خێرایی گەشە دەکات، تیکتۆک لەم ساڵانەی دواییدا وەک هێزێکی کولتووری باڵادەست دەرکەوتووە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی منداڵان و هەرزەکاران هەبووە. ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لەم پلاتفۆرمە، دەگێڕێت بریتییە لە "تیکتۆکەرەکان" کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر بەها و بیروباوەڕی بینەرەکانی هەیە .

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری بەکاردەهێنرێت، کە چاودێریکردنی بەشداربووان، کاری مەیدانی، شیکاری ناوەڕۆک و فۆرمی ڕاپرسی تێکەڵ دەکات. دیزاینێکی وەسفکەری بڕبڕەیی بەکاردەهێنێت، کە دایک و باوکی قوتابیانی سەنتەری شاری هەولێر دەکاتە ئامانج، لەم توێژینەوەیەدا تەکنیکی نموونە گرتنی ئاسانکاری (convenience sampling) بەکارهێنراوە. هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە (G*Power version 3.1.9) بەکارهێنرا، و (٤٩٢) فۆرمی ڕاپرسی شیکراونەتەوە. میتۆدۆلۆژیا ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەشداریکردنی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی تیکتۆکەر لە چوارچێوەی کولتووریی خۆیاندا دەکات.

دەرئەنجامەکان تیشک دەخەنە سەر دینامیکی کولتووریی ئاڵۆزی تیکتۆک، جەخت لەسەر ڕۆڵی تیکتۆکەر لە داڕشتنی بەها پەروەردەیی دەکەنەوە. دایک و باوکان نیگەرانی خۆیان دەربڕی کە ناوەڕۆکی تیکتۆک پێچەوانەی ئەو بەها پەروەردەییانەیە، کە فێری منداڵەکانیان دەکەن. زۆرێک لە پەروەردەکاران دژایەتییەکی توندیان بۆ منداڵەکانیان دەربڕی، کە ئاواتەخوازن ببنە تیکتۆکەر. ئەو توێژینەوەیە تێڕوانین بۆ دایک و باوکان دەدات، ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەرەنگاری و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر خۆشگوزەرانی منداڵان و گەشەپێدانی بەهاکان. ئەنجامەکان دەتوانن گفتوگۆکان لەسەر دروستکردنی ناوەڕۆکی بەرپرسیارانە و پێشخستنی بەها پەروەردەیی لە فەزای دیجیتاڵیدا ئاگادار بکەنەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی

پێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنۆلۆژیا- دونیایی دیجتاڵی بۆتە هۆکاری گۆرانکاری لە زۆر بواردا، بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاکەکان و دەزگاکانی تری کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەر گرنگیان بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان، ئەوەش لە دەرئەنجامی پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەیە، کە ئەو پلاتفۆڕمە دەیخاتە بەردەم بەکارهێنەرانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستەکانی. سۆشیال میدیا بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی سەردەمی هاوچەرخی ئێمە دادەنرێت وەک زمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری سەرەکی و بەرچاوی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگاکان هەیە، دوای ئەوەی ئینتەرنێت دەرکەوت و چەندین ماڵپەڕی سۆشیالیستی بەناوبانگی بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین ئەپڵیکەیشنی سۆشیال میدیا دەرکەوتن بە کاریگەرییەکی بەرجەستە و کاریگەر (الزهراني، ٢٠١٨: ١٦٠).

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا پاڵنەرە بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان، ڕزگاربوون لە بێزاری و تەنیایی، دەرخستنی توڕەیی، کات بەسەربردن، ئارامگرتن، پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، شوێنکەوتنی هەموو شتێکی نوێ لە گۆڕەپانی میدیا و فێربوونی زیاتر دەربارەی کەسانی دیکە (خليفة، ٢٠٢١: ١٩٣). "تیکتۆک"یش، پلاتفۆڕمێکی بەناوبانگی سۆشیال میدیایە و بە ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی کورت فۆڕم ناسراوە، بووەتە سەرچاوەیەکی بەرچاوی زانیاری و کات بەسەربردن بۆ بینەرێکی فراوان و هەمەچەشن. بەکارهێنەرانی زیاتر منداڵان و هەرزەکارانن، ئەوەش کەم یان زۆر کاریگەری لەسەر دەزگاکانی تری (خێزان، قوتابخانە،..) ناو کۆمەڵگا دروستکردووە. لەم توێژینەوەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارنەدا بگەڕێین: کاریگەریی تیکتۆککەرەکان بەسەر کۆمەڵگادا ؟ پاڵنەر و ستراتیژییەکانی تیکتۆککەرەکان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی ناوەڕۆکی پەروەردەیی لە تیکتۆکدا چین ؟ ناوەڕۆکی پەروەردەیی تیکتۆککەرەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری بەکارهێنەرانی تیکتۆککەر هەیە؟ دروستکەرانی ناوەڕۆک لەسەر تیکتۆک، لەسەر ئەو بەها پەروەردەییەی کە لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکەوە دابین دەکرێت؛ ئەوانە دەبنە کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە کە چۆن تیکتۆککەرەکان، چ بە شێوەیەکی فەرمی و چ بە شێوەیەکی نافەرمی، بەشداری لە بەهای پەروەردەیی دەکەن ؟

تیکتۆک بە خێرایی ناوبانگێکی زۆری لەنێو منداڵان و هەرزەکاراندا پەیداکردووە، وەک سەرچاوەیەکی کات بەسەربردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەی تیکتۆککەرەکان (دروستکەرانی ناوەڕۆک لەسەر تیکتۆک) کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بینەری گەنجەکانیان هەیە. زۆر گرنگە توێژینەوە بکرێت، کە چۆن تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵان هەیە.

### کێشەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە باس لە لەشکرکێشی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان- تیکتۆک دەکات، کە دوژمنایەتی کولتووری کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەوەش لەوکاتەوە دێت بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی دیجیتاڵی- سەرهەڵدانی ئامێرە زیرەکەکانی وەکو موبایل و چەندین ئامرازی پەیوەندی، کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی زیاتر کرد، هەرئەوەش وای کردووە ئۆپەراسیۆنەکانمان قورستر بێت، لەبەرئەوەی پەیوەندییە فراوانە کۆمەڵایەتییەکانیان گۆڕییەوە بۆ پابەندبوونیان بە سۆشیال میدیا- تیکتۆک، بۆیە دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوە لە چەند پرسیارێک کورت بکەینەوە، کە لە بیری توێژەر چەکەرەی کردووە و هەوڵدەدات بگات بە وەڵامەکانیان، ئەوانەش بریتیین: چ جۆرە بەها و باوەڕێک بە شێوەیەکی باو لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە لەسەر پلاتفۆڕمەکە پەرەی پێ دەدرێت؟، تا چەند تیکتۆککەرەکان ناوەڕۆکی پەروەردەیی لەسەر تیکتۆک دروست دەکەنو هاوبەشی دەکەن؟ منداڵان و هەرزەکاران چۆن هەست بەو بەها و پەیامانە دەکەن، کە لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن؟ ئەو کێشانە لەکاتێکدایە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا زاڵن، کە هەڵگری کولتوورە تێکەڵەکانن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و بەهادا هەیە، هەڵگری هۆکاری بابەتیین لە پەروەردە و ئابووریدا، بۆیە توێژەر لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو پراکتیک و میکانیزمانەی کارکردن ئاشکرا بکات کە لەسەر بنەمای ئەم لەشکرکێشییە.

### گرنگی توێژینەوە:

لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، بەهۆی بەشداریکردنی تاکی کۆمەڵگا- منداڵان و هەرزەکاران لە پانتایی سۆشیال میدیا- تیکتۆک و باسکردن لە داینامیکی کولتووری، تێگەیشتنی قووڵترمان پێ دەدات لە گۆڕانکاری و بەردەوامی کولتوورییەکان، بۆیە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت، کە چۆن تیکتۆککەرەکان بەشداری لە گۆڕینی نۆرم و بەها کولتوورییەکان لەناو کایەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن ؟دەتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر چۆنیەتی بەشداریکردنی تاک-هەرزەکار لەگەڵ ناوەڕۆکی تیکتۆککەرە بۆ پیشاندانی شوناس و ناسنامەکە؟ بۆیە تێگەیشتن لەم پرۆسانە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری زۆر گرنگە، ئەوەش بۆ ئەوەیە تێبگەین کە چۆن کولتوور لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەگونجێت و پەرەدەسێنێت؟

### ئامانجی توێژینەوە

مەبەست لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری تیکتۆککەرەکانە لەسەر بەهای پەروەردەیی‌یەکان. ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، کە توێژەر چەند دایک و باوکێک بە نموونە وەردەگرێت بۆ باسکردنی هەڵوێستیان لەبارەی دیاردەکە.

1- بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەشداربووان.

2- گەڕان بەدوای ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک لە نێوان گروپە دیمۆگرافییە جیاوازەکاندا.

3- هەڵسەنگاندنی کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەها پەروەردەییەکان لەنێو بەکارهێنەران.

4- پشکنینی ئەو بەرەنگاربوونەوانەی کە دایک و باوکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک بۆ منداڵەکانیان.

5- دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەیییەکان.

6- دیاریکردنی کاریگەری ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەیییەکان.

### 1- چەمکە سەرەکییەکان

### 1-1-بەها

1-بەها: ناوەڕۆکی توخمی کولتووری پێکدێنێت (میران، ٢٠٢١: ٨٥)؛ "بریتییە لە نۆرمی سەرەکی بەباشدانراو لە کۆمەڵگادا، کە لەلایەن کولتوورەوە، بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی تاک و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا دیار دەکرێن" (عەبدوڵڵا, ٢٠٢٢: ٣١٤)؛ هەر کۆمەڵگایەک چەندین بەهای تایبەت بە خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا بەهایەکی گشتی هەیە (MIRAN, et al., 2021)، زۆرێک لە گەلان بەجۆرێک لە بەهای قبوڵ دەکەن، دەکرێت چوارچێوەیەک بێت، کە سیستەمی کۆمەڵگا بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، یان دەکرێت بەهایەک بێت لە پێکهاتە کولتوورییەکان، واتە زۆرینەی خەڵک پابەندی بن و ڕێز لەم بەهایە بگرن "نەوەک گشتیان پابەندی بن"، دەکرێت بەهایەک لە بەهایەکی تر گرنگتر بێت (ناصر، ٢٠٢٠: ١٢٣)، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەموو کۆمەڵگایەک بەهای تایبەتی خۆی هەیە. هەرچەندە زۆربەیان ئەخلاقێکی هاوبەشی جیهانیان هەیە، بۆ نموونە هەندێک لە گەلان بەهایەک وەک بەهای ناوەندی، کە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەناویدا دەسوڕێنەوە، یان ئەو بەهایەی کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەرز دەکاتەوە، کە زۆربەی خەڵک پابەندن بەو بنەمایە نەک هەموو کەسێک. بەهایەک لە بەهاکەی تر گەورەتر دەردەکەوێت.

2- پەروەردەیی: چەمکێکی فراوانە کە گرنگی بە پەروەردەکردنی بەها مەدەنی و ئەخلاقییەکان دەدات لە پراکتیکەکەیدا (YAZICI, 2013) . شانبەشانی زاراوەی دیکەی بەکارهێنراوی باو وەک پەروەردەی ڕۆحی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بەکاردەهێنرێت. (Halstead & Taylor, 2000).

3-بەهای پەروەردەییەکان: ئاماژەیە بۆ ئەو بەها و پرەنسیپانەی کە لە ڕێگەی پەروەردەوە فێر دەکرێن، کە بەشدارن لە گەشەسەندنی تاکەکان (سیوەیلی، ٢٠١٦: ١٩١). ئەو بەهایانە لە لایەن سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەک مامۆستا، دایک و باوک، ئەدەب و فیلمەوە بچێنرێن، بۆ نموونە فیلمە کارتۆنییەکانی چیرۆکی ئەفسانەیی دەتوانن بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان دابین بکەن، کە لە چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە Suryanti, 2023) پراکتیز دەکرێت(.
بەها پەروەردەییەکان: ئاماژەن بۆ ئەو بنەما و باوەڕانەی کە ئەزموونی فێربوون و گەشەکردنیان لە قاڵب دەدەن (BALTACI, 2019). ئەم بەهایانە ڕێنمایی دەکەن، کە قوتابیان چۆن هەست بە پەروەردە دەکەن، هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە فێربوون و ڕەفتارەکانیان لە شوێنە پەروەردەییەکاندا (Beaty, 2016). بۆیە "بەهای پەروەردەییەکان" گرنگی بە بنەماکانی فێربوون، ڕێنماییکردنی ڕەفتار و پەروەردەکردنی گەشەی کەسی و کۆمەڵایەتییە.

## 1-2-تیکتۆککەرە:

تیکتۆک پلاتفۆرمێکی بەناوبانگی سۆشیال میدیایە، (پلاتفۆڕمی ڤیدیۆیی کورتە) و ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ڤیدیۆ کلیپی کورت دروست بکەن و هاوبەشی بکەن، کە درێژییەکەی لە ١٥ چرکە – ١٠ خولەک، ناردنی نامەی کەسی، هەروەها دروستکردنی پەخشی ڕاستەوخۆی هەیە، کە توانای دەستکاریکردنی بەهێزی هەیە، کە بەکارهێنەر دەتوانێت جۆرە جیاوازەکانی زیاد بکات لە مۆسیقا و کاریگەرییەکان بۆ ڤیدیۆکانیان (محمدی &حسنی، ٢٠٢٤: ٧٦). بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت و لە ساڵی ٢٠١٨ەوە چالاکە، لە ساڵی ٢٠١٩دا ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێنا و گەیشتە زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن بەکارهێنەر. ئێستا زیاترە لە ١٠٠٠ ملیۆن بەکارهێنەر، کە ئەمەش لە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕیزبەندی شەشەم دێت (we are social, 2023). تیکتۆک دەتوانێت هەم کاریگەری ئەرێنی و هەم کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەبێت، لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا کاری کردۆتە سەر هەموو کایەکانی ژیان (خۆشناو, ٢٠٢٤: ٢٣٤). لە ڕوویێکدا سەکۆیەکە بۆ خۆدەربڕین و داهێنان، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بۆچوون و ئەزموون و هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ ئەوانی دیکە هاوبەش بکەن، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بە کێشەکانی تەندروستی دەروونی و هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی و ناوەڕۆکی نەشیاوەوە هەیە، هەروەها تیکتۆک وەک میدیایەکی پەیوەندیی دیجیتاڵی مارکێتینگ بەکارهێنراوە، ئەمەش ڕێگە بە فرۆشیاران و بازرگانان دەدات کە بەرهەمەکانیان ڕێکلامی بۆ بکەن و بۆئەوەی بگەن بە فرۆشی زیاتر. سەرەڕای ئەوەش، هەندێکجار تیکتۆک وەک یارمەتیدەرێکی ڤیدیۆیی لە پەروەردەدا بەکارهاتووە، کە پاڵنەرەکانی فێربوون و توانای زارەکی لەنێو فێرخوازاندا باشتر دەکات.
تیکتۆککەرە، کەسێکە کە ناوەڕۆک لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا تیکتۆک " ڤیدیۆیی کورت و سەرگەرم"ی دروست دەکات و هاوبەشی دەکات (Iodice & Papapicco, 2021)، بەتایبەتی لەنێو بینەرانی منداڵ و گەنج، بەشێک لە تیکتۆککەرەکان بە دروستکردنی ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و سەرگەرمی جۆراوجۆر لەوانە: (سەما، هاوکاتکردنی لێو، چاڵنج، ڤیدیۆیی زانیاری... زۆر شتیتر) کە لەسەر پلاتفۆڕمەکە فۆڵۆوەرێکی زۆریان بەدەست هێناوە و بوونەتە بە کەسی کاریگەر لە سۆشیال میدیا.

## 1-3-ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی:

بریتییە لە وێنەی دەروونیی تاک لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی، بە کۆمەڵێک بیرۆکە و هەست و ڕەفتارێک نوێنەرایەتی دەکرێت کە گوزارشت لە ئاگایی خۆی بۆ ئەم واقیعە دەکات (خلیفة، ٢٠٢١: ١٩٤). پەروەردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی کەسایەتی هەیە (باخەوان، ٢٠١٥: ١١٢)، بەڵام ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی، ئاماژەیە بۆ ئەو کردارانەی کە مەبەست لێی سوودگەیاندنە بە کەسانی دیکە یان کۆمەڵگا بەگشتی. ئەم ڕەفتارانە تایبەتمەندن بە میهرەبانی، هاوکاری، هاوسۆزی و خەمی خۆشگوزەرانی کەسانی دیکە (Wang, et al., 2013, p.298). ڕەفتاری لایەنگری کۆمەڵایەتی دەتوانێت کردەوەکانی وەک یارمەتیدان، هاوبەشیکردن، دڵنەواییدان و خۆبەخشی لەخۆبگرێت

(Batson, 2011, p.21)، کە پێویستی بە کرداری چڕکردنەوەی ئاگاداربوون هەیە، ئەمەش دەبێتە مایەی ڕێنماییکردن (عثمان &علی, ٢٠٢٤: ٣١٤).

ڕەفتاری پڕۆکۆمەڵایەتی بریتییە لە "ڕەفتاری خۆبەخشانە، کە مەبەست لێی سوودگەیاندنە بە کەسێکی دیکە" (Pfattheicher, et al., 2022: 125). تایبەتمەندە بە کردەوەی میهرەبانی و بەزەیی و ڕەفتاری یارمەتیدان، کە زۆر کەس بە یەکێک لە جوانترین سیفەتەکانی سروشتی مرۆڤی دەزانن (Pfattheicher, et al., 2022:127)، بۆیە ڕەفتاری پڕۆکۆمەڵایەتی بۆ پەروەردەکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، بونیادنانی کۆمەڵگای بەهێز و پێشخستنی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان کەسەکان زۆر گرنگە.

## 2- میتۆدی توێژینەوە و دۆزینەوەکان

### 2-1- میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە دیزاینی وەسفکەری بڕبڕەییە، کە (٤٩٢) دایک و باوکی قوتابی لە قەزای ناوەندی هەولێر بە ئامانج گرتووە. توێژینەوەکە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٤/٥/١) تاکو (٢٠٢٤/٨/١٣) لە سەنتەری شاری هەولێر ئەنجام درا. لەم توێژینەوەیەدا تەکنیکی نموونە گرتنی ئاسانکاری (convenience sampling) بەکارهێنراوە. بۆ حسابکردنی نموونەی توێژینەوەکە (G*Power version 3.1.9) بەکارهێنرا، بە قەبارەی کاریگەری بچوکی (0.3) و ئاستی گرنگی (0.05) و هێزی خوازراوی (0.95)، کۆی (138) خێزان پێویست بوو بۆ توێژینەوەکە، بەڵام توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر (٥٢٠) دایک و باوکی قوتابیانی بنەڕەتی لەڕێگەی ئۆنلاینەوە دابەش کرد، تەنها (492) فۆڕم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ توێژەر گەڕایەوە و (٢٨) فۆڕم بە هۆکاری جیاواز نەگەڕایەوە و دوورخرایەوە، لەبەر ئەوە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٩٢) خێزان. ڕاپرسییەکە لە چوار بەش پێک هاتبوو، بەشی یەکەم بریتی بوو لە لایەنی دیمۆگرافی بەشداربووان، کە لە (١٠) پرسیار پێک هاتبوو، بەشی دووەم: لە ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک کە لە (٨) برگە پێک هاتبوو، بەشی سێیەم: کاریگەری لەسەر بەها پەروەردەییەکان، کە لە (٩) برگە پێک هاتبوو، بەشی چوارەم: ئاستەنگەکانی ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک بۆ منداڵان ئەمەشیان پێک هاتبوو لە (٩) برگە. سەرجەم برگەکان بەم شێوازە بۆ وەڵامدانەوە پۆلێن کرابوون: (١) هیچ کات (٢) هەندێک کات (٣) نازانم (٤) زۆر کات (٥) بۆ هەمیشە. بەردەست نەبوونی ئامێری زیرەک لەلایەن بەشێک لە دایک و باوکان و نەبوونی شارەزایی و هەروەها بەردەست نەبوونی هێڵێکی ئەنتەرنێتی بەردەوام و خێرا، ئەوانە هەمووی بەشێک بوون لە سنووردارکردنی توێژینەوەکە.

پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕەزامەندی فەرمی لە زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب بۆ ئەو توێژینەوەیە وەرگیرا. توێژینەوەکە ڕاپرسییەکی ئۆنلاین بوو بەبێ ئەوەی ناوی خۆی تۆمار بکات، لینکی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی ئامێری زیرەکەوە بۆ دایک و باوکان نێردراوە، هەروەها ڕەزامەندی لە بەشداربووان وەرگیرا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشداری لە توێژینەوەکەدا بکەن. توێژەر پابەند بوو بە سەرجەم پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی. پرۆگرامی (SPSS) وەشانی (26) ی بەکارهێنا بۆ شیکارکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (١) Reliability بۆ پرسیارەکانی بەشەکانی (2، 3 و 4)

| Reliability Statistics | | |
|---|---|---|
| Items | Cronbach's Alpha | بەشەکان |
| 8 | 0.872 | 2. بەکارهێنانی تیکتۆک |
| 9 | 0.937 | 3. بەها پەروەردەییەکان |
| 9 | 0.938 | 4. ئاستەنگەکان |

له خشته‌ی ژماره (١)دا، شیكاری Reliability یه‌كده‌نگییه‌كی ناوخۆیی به‌رز بۆ ئه‌و ته‌رازووانه‌ی، كه له توێژینه‌وه‌كه‌دا به‌كارهێنراون نیشان ده‌دات. ئه‌لفای كرۆنباخ بۆ پێوه‌ری به‌كارهێنانی تیكتۆك كه بریتی بوو له (8 پرسیار) 0.872 ه، ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه بۆ متمانه پێ كراوییه‌كی باش. پێوه‌ری به‌ها په‌روه‌رده‌ییه‌كان كه پێك هاتبوو له (9 پرسیار) متمانه‌یه‌كی زۆر به‌رزی له‌گه‌ڵ ئه‌لفا كرۆنباخی 0.937 هه‌یه، له هه‌مان كاتدا پێوه‌ری ئه‌و ئاسته‌نگانه‌ی كه دایك و باوك له ڕێگریكردن له به‌كارهێنانی تیكتۆك ڕووبه‌ڕووی ده‌بنه‌وه بریتی بوو له (9 پرسیار)، كه متمانه پێ كراوییه‌كی نایاب نیشان ده‌دات به ئه‌لفا كرۆنباخی 0.938. ئه‌م به‌هایانه ئه‌وه نیشان ده‌ده‌ن، كه پرسیاره‌كانی ناو هه‌ر یه‌ك له به‌شه‌كان زۆر یه‌كده‌نگن له ڕووی پێوانه‌كردنی بونیاده‌كانیانه‌وه.

## 2-2- دۆزینه‌وه‌كان:

خشته‌ی ژماره (٢): تایبه‌تمه‌ندییه دیمۆگرافیه‌كانی به‌شداربووان

| گۆڕاوه‌كان | | دووباره‌بووه‌وه | ڕێژه‌ی سه‌دی % |
|---|---|---|---|
| ته‌مه‌نی دایك | 18-25 | 12 | 2.4 |
| | 26-35 | 176 | 35.8 |
| | 36-45 | 228 | 46.3 |
| | 46-55 | 64 | 13.0 |
| | 55 و به‌ره‌وسه‌ر | 12 | 2.4 |
| ئاستی خوێنده‌واری دایك | بنه‌ڕه‌تی | 112 | 22.8 |
| | ئاماده‌یی | 56 | 11.4 |
| | دبلۆم | 92 | 18.7 |
| | به‌كالوریوس | 168 | 34.1 |
| | ماسته‌ر | 64 | 13.0 |
| ته‌مه‌نی باوك | 18-25 | 8 | 1.6 |
| | 26-35 | 92 | 18.7 |
| | 36-45 | 240 | 48.8 |
| | 46-55 | 108 | 22.0 |
| | 55 و به‌ره‌وسه‌ر | 44 | 8.9 |
| ئاستی خوێنده‌واری باوك | بنه‌ڕه‌تی | 104 | 21.1 |
| | ئاماده‌یی | 52 | 10.6 |
| | دبلۆم | 48 | 9.8 |
| | به‌كالوریوس | 136 | 27.6 |
| | ماسته‌ر | 152 | 30.9 |
| ژماره‌ی كچ | هیچ | 132 | 26.8 |
| | 1-3 | 348 | 70.7 |
| | 4-6 | 8 | 1.6 |
| | 7 و به‌ره‌و سه‌ر | 4 | 0.8 |
| ژماره‌ی كوڕ | هیچ | 92 | 18.7 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 3–1 | 376 | 76.4 |
| | 6–4 | 20 | 4.1 |
| | 7 و بەرەو سەر | 4 | 0.8 |
| منداڵەکانت لە چ جۆرە قوتابخانەیەکن | حکومی | 236 | 48.0 |
| | ناحکومی | 212 | 43.1 |
| | نێودەوڵەتی | 44 | 8.9 |
| ئایا وەک دایک و باوک تیکتۆک بەکار دەهێنن؟ | بەڵێ هەردوکمان | 216 | 43.9 |
| | بەڵێ تەنها دایک | 64 | 13.0 |
| | بەڵێ تەنها باوک | 88 | 17.9 |
| | نەخێر هیچ یەکمان | 124 | 25.2 |
| کۆی گشتی | | 492 | 100.0 |

لە خشتەی ژمارە (٢)دا تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی ئەو دایک و باوکانەی کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ئاشکرای دەکات، کە زۆرینەی دایکان تەمەنیان لە نێوان ٣٦-٤٥ ساڵیدایە، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٤٦.٣%)، بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە بەڕێژەی (٣٤.١%)، هەروەها زۆربەی باوکەکان تەمەنیان لە نێوان ٣٦-٤٥ ساڵیدایە بەڕێژەی (٤٨.٨%) و بڕوانامەی ماستەریان بەڕێژەی (30.9%).

ژمارەی منداڵ لە خێزانەکان، ئەو خێزانانە 1-3 کچیان هەیە، بە ڕێژەی (70.7%)ە. ئەو خێزانانەی 1-3 کوڕیان هەیە، بە ڕێژەی (76.4%)ە. ئەو دایک و باوکانەی لە توێژینەوەکەمان بەشدارن، زۆربەی منداڵانیان لە قوتابخانە حکومییەکان دەخوێنن، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٤٨%)، ئەوانەشی کە لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەخوێنن ڕێژەکەیان بریتییە لە (٤٣.١%)، ڕێژەیەکی کەمیش دەچنە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێژەکەیان (٨.٩%)ە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک، بە ڕێژەی (٤٣.٩%)ی دایک و باوکان ڕایان گەیاندووە، کە هەردووکیان تیکتۆک بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا بە ڕێژەی (٢٥.٢%) ئاماژەیان بەوە کردووە، هیچ کام لە دایک و باوکەکان پلاتفۆرمەکە بەکارناهێنن "کەچی منداڵەکانیان بەکاردەهێنن"[1]. لە کاتی پەتاکەدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا "تیکتۆک" بووە زۆرترین دابەزاندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە جیهان؛ بەپێی ئاماری ناوەندی ڕاگەیاندنی عێراق، لە ساڵی ٢٠٢٤ نزیکەی ٣٢ ملیۆن بەکارهێنەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆک لە عێراقدا هەن، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە بریتی بووە لە (٢٣,٨٨) ملیۆن (قادر، ٢٠٢٤)، وەک دەگوترێت ئەو نەوەیە، نەوەیەکی "ئەسپێکوژە"، ئەسپێکوژ بەو مانایەی نا کە تەمبەڵ و تەوەزەل بووە و هیچ کار و کردەوە و چالاکییەکی نییە، بەڵکو پتر بەو مانایەی بەکاردێت، کە بەردەوام موبایلەکەی بەدەستەوەیە و وەک ئەوەی دڵی لەناو چنگیدا بێت و نەکەوێت وەها توند گرتوویەتی (حەسەن, ٢٠١٥: ١٤١)، دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵان و هەرزەکارنی ئەم وڵاتە لە پاڵ بەکارهێنانی یاری ڤیدیۆیی و جێگەی خۆیان دەدەنەوە بە دروستکردنی کەسی لەو شوێنانەی کە کارەکتەری سەرەکییان. زیادبوونی خۆنوێنەرایەتیکردن و ڕەفتاری ئەدای، ئەوەش هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی "تیکتۆک" بۆ سنووردارکردنی کاتی خودی پۆرتاڵەکە کە ڕێگە بە ماوەی ڤیدیۆ لە سەرووی ١٠ خولەکەوە نادات، هەروەها ئەو پلاتفۆرمە لەسەر بنەمای نەوەکان دەردەکەون، بەتایبەتیتر لەسەر بنەمای دۆخی نەوەکان، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان لەگەڵ داواکارییەکانی...

[1] لەم توێژینەوەدا، پێویستە منداڵەکانیان پلاتفۆرمی تیکتۆک بەکاربهێنێت، ئەگەر هاتوو لە فۆرمی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە کرابوو "منداڵەکەم تیکتۆک بەکارناهێنێت"، ڕاستەوخۆ ئەو فۆرمە ڕەتکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣): ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک:

| پرسیارەکان | وەڵامەکان | دووبارەبووەوە | % | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|---|
| منداڵەکەم تیکتۆک بەکاردەهێنێت | هیچ کات | 144 | 29.3 | 2.8699 | 1.54213 |
| | هەندێک کات | 104 | 21.1 | | |
| | زۆر کات | 160 | 32.5 | | |
| | بۆ هەمیشە | 84 | 17.1 | | |
| بەشێوەیەکی گشتی، منداڵەکانم ڕۆژانە ٢ کاتژمێر و زیاتر تیکتۆک بەکاردەهێنن | هیچ کات | 164 | 33.3 | 2.7154 | 1.50773 |
| | هەندێک کات | 96 | 19.5 | | |
| | نازانم | 8 | 1.6 | | |
| | زۆر کات | 164 | 33.3 | | |
| | بۆ هەمیشە | 60 | 12.2 | | |
| ڕێگە بە منداڵەکانم دەدەم، کە تیکتۆک یان پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی کورت فۆرم هاوشێوەی بەکاربهێنن. | هیچ کات | 228 | 46.3 | 2.1057 | 1.29428 |
| | هەندێک کات | 128 | 26.0 | | |
| | نازانم | 8 | 1.6 | | |
| | زۆر کات | 112 | 22.8 | | |
| | بۆ هەمیشە | 16 | 3.3 | | |
| ئێمە وەکو (دایک/ باوک) فۆلەوەری منداڵەکەمم. | هیچ کات | 196 | 39.8 | 2.5285 | 1.54933 |
| | هەندێک کات | 100 | 20.3 | | |
| | نازانم | 8 | 1.6 | | |
| | زۆر کات | 116 | 23.6 | | |
| | بۆ هەمیشە | 72 | 14.6 | | |
| لەگەڵ منداڵەکانم قسە لەسەر ناوەڕۆکی تکتۆکەکان دەکەین کە سەیری کردووە | هیچ کات | 172 | 35.0 | 2.4797 | 1.39449 |
| | هەندێک کات | 124 | 25.2 | | |
| | نازانم | 16 | 3.3 | | |
| | زۆر کات | 148 | 30.1 | | |
| | بۆ هەمیشە | 32 | 6.5 | | |
| ئارەزوو دەکەم منداڵەکانم ببن بە تیکتۆککەر | هیچ کات | 352 | 71.5 | 1.6748 | 1.17334 |
| | هەندێک کات | 36 | 7.3 | | |
| | نازانم | 20 | 4.1 | | |
| | زۆر کات | 80 | 16.3 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بۆ هەمیشە | 4 | 0.8 | | |
| هانی منداڵەکانم دەدەم بۆئەوەی بەدواداچوون "فۆڵەوەری" ئەو تیکتۆککەرانە بن، کە پەرەدەدەن بەلایەنی پەروەردەیی. | هیچ کات | 160 | 32.5 | 2.7398 | 1.47118 |
| | هەندێک کات | 84 | 17.1 | | |
| | نازانم | 20 | 4.1 | | |
| | زۆر کات | 180 | 36.6 | | |
| | بۆ هەمیشە | 48 | 9.8 | | |
| هانی منداڵەکانم دەدەم بۆئەوەی بەدواداچوون "فۆڵەوەری" ئەو تیکتۆککەرانە بن، کە پەرەدەدەن بەلایەنی نوکتە و قسەی نەشیاو و کات بەسەربردن. | هیچ کات | 364 | 74.0 | 1.6179 | 1.14540 |
| | هەندێک کات | 28 | 5.7 | | |
| | نازانم | 36 | 7.3 | | |
| | زۆر کات | 52 | 10.6 | | |
| | بۆ هەمیشە | 12 | 2.4 | | |

لە خشتەی ژمارە (٣)دا، وەڵامی دایک و باوکان بۆ لێدوانی جۆراوجۆر سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە بە پێوەرێک خراوەتەڕوو. کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە (1 بۆ هیچ کات) تاکو (5 بۆ هەمیشە). تێکڕای وەڵامدانەوە بۆ ئەوەی کە ئایا منداڵەکەیان تیکتۆک بەکاردەهێنێت یاخود بەکارناهێنێت لە دەوروبەری (٢.٨٧) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دایک و باوکان بەگشتی هەست دەکەن منداڵەکانیان هەندێک جار تا چەندین جار تیکتۆک بەکاردەهێنن. بە هەمان شێوە تێکڕای وەڵامدانەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە تیکتۆک بەکاردەهێنن بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر یان زیاتر لە ڕۆژێکدا (٢.٧٢) دایە، کە نزیکە لەگەڵ دەرئەنجامەکەی توێژینەوەکەی (چنار سەعد عبدالله) بە ڕێژەی (٥٠%)، کە قوتابیان لە (١- ٤) کاتژمێر سەیری یوتوب یان یاری ئەلکترۆنی دەکەن (عبدالله، ٢٠٢٤: ١٦). وەڵامی دایک و باوکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەندێک جار ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن پلاتفۆڕمی ڤیدیۆیی کورت هاوشێوەی ئەوەی لە تیکتۆک نمایش دەکرێت بەکاربهێنن بە (تێکڕا ٢.١١). لەگەڵ ئەوەشدا دایک و باوکان فۆلۆوەری منداڵەکانیانن (تێکڕا ٢.٥٣)، هەروەها هەندێک جار لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن دەربارەی ئەو ناوەڕۆکە کە سەیری دەکەن، کە لە تیکتۆک سەیریان کردووە (تێکڕا ٢.٤٨). بەگشتی دایک و باوک ئارەزووی ئەوە ناکەن منداڵەکانیان ببنە تیکتۆککەرە (تێکڕای 1.67) و بە دەگمەن هانی شوێنکەوتنی تیکتۆککەرەکان دەدەن، کە گاڵتەجاڕی یان ناوەڕۆکی نەگونجاو و قسەی نەشیاو بڵاو دەکەنەوە (تێکڕای 1.62). هاندان لەلایەن دایک و باوکانەوە بۆ شوێنکەوتنی تیکتۆککەرە پەروەردەییەکان تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئەنجامەکە زۆر دڵخۆشکەر نییە (تێکڕا 2.74). لادانە ستانداردەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە وەڵامەکاندا لە سەرانسەری هەموو لێدوانەکاندا پێشنیار دەکەن.

دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە کاتێکدا دایک و باوکان بە شێوەیەکی مامناوەند ئاگادارن و تا ڕادەیەک بەشدارن لە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە، بەڵام گرۆتینێکی کەم نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ببنە تیکتۆککەرە یان شوێنکەوتنی دروستکەری ناوەڕۆک، بە تایبەت ئەوانەی کە بابەتی نەشیاو هاوبەش- بڵاو دەکەن. گۆڕانکاری لە وەڵامەکاندا پێشنیاری هەڵوێست و پراکتیکی جۆراوجۆری دایک و باوک دەکات، سەبارەت بە بەشداریکردنی منداڵەکانیان لەگەڵ تیکتۆک، کە ڕەنگدانەوەی ئاستی جیاوازی نیگەرانی و بەشداریکردنە لە بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی.

خشتەی ژمارە (٤): بۆچوونی دایک و باوکان سەبارەت بە کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهاکانی پەروەردەیی

| برگەکان | وەڵامەکان | دووبارەبوونەوە | % | Mean | Std. Deviation |
|---|---|---|---|---|---|
| لەلای منداڵەکەم زۆر ئاساییە بێ خۆراک بێ! بەڵام بێ تیکتۆک نەبێت. | هیچ کات | 252 | 51.2 | 2.2520 | 1.50271 |
| | هەندێک کات | 72 | 14.6 | | |
| | نازانم | 8 | 1.6 | | |
| | زۆر کات | 112 | 22.8 | | |
| | بۆ هەمیشە | 48 | 9.8 | | |
| پێم وایە تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵەکەم هەیە. | هیچ کات | 112 | 22.8 | 3.0244 | 1.44675 |
| | هەندێک کات | 100 | 20.3 | | |
| | نازانم | 16 | 3.3 | | |
| | زۆر کات | 192 | 39.0 | | |
| | بۆ هەمیشە | 72 | 14.6 | | |
| ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە، کە فێری منداڵەکانم دەکەم. | هیچ کات | 48 | 9.8 | 3.3984 | 1.27479 |
| | هەندێک کات | 112 | 22.8 | | |
| | نازانم | 12 | 2.4 | | |
| | زۆر کات | 236 | 48.0 | | |
| | بۆ هەمیشە | 84 | 17.1 | | |
| سەرنجمداوە! گۆڕانکارییەکان لە بەهاکان و ڕەفتارەکانی منداڵەکانم دەگەڕێتەوە بۆ تیکتۆککەرەکان. | هیچ کات | 148 | 30.1 | 2.6667 | 1.44226 |
| | هەندێک کات | 124 | 25.2 | | |
| | نازانم | 16 | 3.3 | | |
| | زۆر کات | 152 | 30.9 | | |
| | بۆ هەمیشە | 52 | 10.6 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1.49050 | 2.4797 | 40.7 | 200 | هیچ کات | منداڵەکەم، تیکتۆککەرەکان وەکو نموونەی ڕۆژانەی وەردەگرێت. |
| | | 18.7 | 92 | هەندێک کات | |
| | | 2.4 | 12 | نازانم | |
| | | 28.5 | 140 | زۆر کات | |
| | | 9.8 | 48 | بۆ هەمیشە | |
| 1.38146 | 2.6423 | 27.6 | 136 | هیچ کات | منداڵەکانم هەست بەو بەها و پەیامانە دەکەن کە لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن |
| | | 27.6 | 136 | هەندێک کات | |
| | | 6.5 | 32 | نازانم | |
| | | 29.3 | 144 | زۆر کات | |
| | | 8.9 | 44 | بۆ هەمیشە | |
| 1.42702 | 2.3496 | 44.7 | 220 | هیچ کات | منداڵەکانم ڕێز لەخۆی گەورەتر ناگرێت. |
| | | 15.4 | 76 | هەندێک کات | |
| | | 5.7 | 28 | نازانم | |
| | | 28.5 | 140 | زۆر کات | |
| | | 5.7 | 28 | بۆ هەمیشە | |
| 1.42321 | 2.6829 | 30.9 | 152 | هیچ کات | منداڵەکانم بە ئەرکەکانی قوتابخانە پابەند نیین. |
| | | 21.1 | 104 | هەندێک کات | |
| | | 4.9 | 24 | نازانم | |
| | | 35.0 | 172 | زۆر کات | |
| | | 8.1 | 40 | بۆ هەمیشە | |
| 1.45392 | 2.3984 | 42.3 | 208 | هیچ کات | منداڵەکانم فێرە ئەو قسە نەشیاوانە بوونە، کە لەلایەن تیکتکۆکەرەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت. |
| | | 19.5 | 96 | هەندێک کات | |
| | | 1.6 | 8 | نازانم | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 29.3 | 144 | زۆر کات | |
| | | 7.3 | 36 | بۆ هەمیشە | |

لە خشتەی ژمارە (٤)دا ، بەهاکانی مامناوەندی و لادانێکی ستاندارد بۆ وەڵامەکانی دایک و باوک سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەها پەروەردەیی و ڕەفتارەکانیان دیاری دەکات. ئەو لێدوانەی مامناوەندی (٢.٢٥٢٠) بەو مانایەی "هەندێک جار" "لەلای منداڵەکەم زۆر ئاساییە بێ خواردن بێت! بەڵام بێ تیکتۆک نەبێت"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دایک و باوکان بەگشتی ناکۆکن یان بێلایەنن سەبارەت بەم وابەستەییە زۆرە بە تیکتۆک. بڕگەی "پێم وایە تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵەکەم هەیە " مامناوەندی (٣.٠٢٤٤)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نادڵنیایی یان بێلایەنی لە نێوان دایک و باوکەکاندا؛ ڤیگۆتسکی دەڵێت: "منداڵ بە هەماهەنگی ژینگەکەی خۆی فۆرم دەگرێت"، ئەویش بەو مانایە دێت، کە منداڵ لەگەڵ دەوربەرەکەیدا خەریکی قسەکردن، گفتوگۆ و هێما گۆڕینەوەیە. ئەو منداڵە هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی گوزارشت لە بوونی خۆی بکات و فۆڕمێک بەبەر خۆیدا بکات (سەعید, ٢٠٢٠: ٥٩).

"ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە، کە فێری منداڵەکانم دەکەم" مامناوەندی بەرزتری هەیە کە (٣.٣٩٨٤)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرێک لە دایک و باوکان پێیان وایە، ناوەڕۆکی تیکتۆک زۆرجار لەگەڵ بیروباوەڕو بەهاکانیان ناگونجێت. ئەو بڕگانەی کە ماونەتەوە، تایبەت بە گۆڕانکاری لە بەها و ڕەفتاری منداڵان و بە نموونەگرتنی تیکتۆکەرەکان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان و پەیام و لێدوانە خراپەکانیان و بابەتی ڕێزگرتنی گەورەکان لەلایەن منداڵانەوە و ڕادەی پابەندی بە قوتابخانە و فێربوونی قسەی هەموو ئەمانە بەهای ئامارییان لەنێوان (٢.٥ بۆ ٢.٧) دایە؛ بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا کاریگەری ئەو بیروباوەڕە هەڵانەی کە پێشتر هەیان بووە، بەجۆرێک لە کاتی سەیرکردن و بەدواداچوونی ئەوان وا دەکات لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی پێشوویاندا کارلێک بکات بۆ بەرهەمهێنانی چەندان بیروباروەڕێکی هەڵەی تر (عبدالباقی، ٢٠٢٠: ١٦٤)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە تیکتۆک کاریگەریی لەسەر ئەم لایەنانە هەیە. لادانە ستانداردەکان بۆ هەموو بابەتەکان تاڕادەیەک بەرزن، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە وەڵامەکانی دایک و باوکدا.

لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە دەتوانرێت ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی وەک لایەنێکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتییەتی مرۆڤ سەیر بکرێت کە بە قووڵی لە نۆرم و پراکتیکە کولتوورییەکاندا چەسپاوە. ئەم ڕەفتارانە نەک هەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکەن بەڵکو بەها و چوارچێوەی ئەخلاقی بنەڕەتیش ڕەنگ دەدەنەوە کە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا جیاوازن. تێگەیشتن لە ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کولتووری خۆیدا ڕێگە بە قەدرزانییەکی دەوڵەمەندتر دەدات، کە چۆن کۆمەڵگاکان کردەوەی هاوبەش و خۆبەخشانە چاندن و بەردەوامی دەکەن.

دۆزینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە دایک و باوک کۆمەڵێک بۆچوون سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تیکتۆک لەسەر بەها و ڕەفتاری منداڵەکانیان نیشان دەدەن، هەندێکیش سەبارەت بە ناتەبایی ناوەڕۆک لەگەڵ بەها فێرکراوەکانیان نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە. گۆڕانکاری لە وەڵامەکاندا تیشک دەخاتە سەر تێڕوانینە جیاوازەکانی دایک و باوک، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاریگەری تیکتۆک لەسەر بەها و ڕەفتارە پەروەردەییەکانی منداڵان ئاڵۆزە و لەوانەیە لە نێوان خێزانە جیاوازەکاندا جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێت.

خشتەی ژمارە (٥): ئەو ئاستەنگانە کە ڕووبەڕووی دایک و باوک دەبێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە منداڵەکانیان بۆ بەکارهێنانی تیکتۆک

| Std. Deviation | Mean | % | دووبارەبووەوە | وەڵامەمان | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1.25294 | 3.187 | 12.2 | 60 | هیچ کات | تیکتۆک چەندین ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و سەرگەرمی پێشکەش دەکات، کە بە ئاسانی دەتوانێت سەرنجی منداڵەکانم ڕابکێشێت. |
| | | 23.6 | 116 | هەندێک کات | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نازانم | 40 | 8.1 | | |
| | زۆر کات | 224 | 45.5 | | |
| | بۆ هەمیشە | 52 | 10.6 | | |
| منداڵەکانم تیکتۆک بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی هاورێکانیان بەکاری دەهێنن، ئەمەش فشارێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، تاوەکو بەشداری پلاتفۆرمەکە بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندییان بەردەوام بێت. | هیچ کات | 176 | 35.8 | 2.6098 | 1.44771 |
| | هەندێک کات | 84 | 17.1 | | |
| | نازانم | 24 | 4.9 | | |
| | زۆر کات | 172 | 35.0 | | |
| | بۆ هەمیشە | 36 | 7.3 | | |
| منداڵەکانم دەستیان بە چەندین ئامێری (سمارتفۆن، تابلێت، کۆمپیوتەر) دەگات، ئەمەش وا دەکات ئێمە بە ئاستەم دەتوانین چاودێری هەموو چالاکییە ئۆنلاینەکانیان بین. | هیچ کات | 108 | 22.0 | 2.9756 | 1.35366 |
| | هەندێک کات | 100 | 20.3 | | |
| | نازانم | 12 | 2.4 | | |
| | زۆر کات | 240 | 48.8 | | |
| | بۆ هەمیشە | 32 | 6.5 | | |
| لەبەرئەوەی منداڵەکانم خاوەنی شارەزایی تەکنەلۆژی زیاترن لە ئێمە، ئەمەش وایان لێ دەکات کە خۆیان لە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی ئێمە بەدوور بگرن. | هیچ کات | 120 | 24.4 | 2.7805 | 1.3601 |
| | هەندێک کات | 120 | 24.4 | | |
| | نازانم | 40 | 8.1 | | |
| | زۆر کات | 172 | 35.0 | | |
| | بۆ هەمیشە | 40 | 8.1 | | |
| ئێمە وەک دایک و باوک کێشەمان هەیە بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان پێدانی سەربەخۆیی منداڵەکانمان و دڵنیابوون لە سەلامەتی ئۆنلاینیان. کۆنترۆڵکردنی زیادەڕۆیی لەوانەیە ببێتە هۆی یاخیبوون و ڕەفتاری نهێنی منداڵەکانمان. | هیچ کات | 60 | 12.2 | 3.122 | 1.26739 |
| | هەندێک کات | 132 | 26.8 | | |
| | نازانم | 44 | 8.9 | | |
| | زۆر کات | 200 | 40.7 | | |
| | بۆ هەمیشە | 56 | 11.4 | | |
| منداڵەکەم ئالوودەی تیکتۆک بووە، کاتەکانی زیاتر لەسەر ئەو شاشەیە بەسەر دەبات، ئەوەش کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی منداڵان و شێوازی خەوتن و ئەدای خوێندنی منداڵان دەبێت. | هیچ کات | 184 | 37.4 | 2.6911 | 1.51102 |
| | هەندێک کات | 60 | 12.2 | | |
| | نازانم | 20 | 4.1 | | |
| | زۆر کات | 180 | 36.6 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بۆ هەمیشە | 48 | 9.8 | | |
| بەرکەوتن بە وێناکردنی ژیان و زۆرجار ناڕاستەقینە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر خۆبەگەورەزانین و وێنەی جەستەی منداڵان هەبێت. | هیچ کات | 108 | 22.0 | | |
| | هەندێک کات | 116 | 23.6 | | |
| | نازانم | 52 | 10.6 | | |
| | زۆر کات | 180 | 36.6 | | |
| | بۆ هەمیشە | 36 | 7.3 | 2.83 74 | 1.32268 |
| نیگەرانین سەبارەت بە چۆنیەتی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری کەسی تیکتۆککەر، بەتایبەتی سەبارەت بە پاراستنی نهێنی منداڵەکانیان. | هیچ کات | 88 | 17.9 | | |
| | هەندێک کات | 88 | 17.9 | | |
| | نازانم | 44 | 8.9 | | |
| | زۆر کات | 212 | 43.1 | | |
| | بۆ هەمیشە | 60 | 12.2 | 3.13 82 | 1.34073 |
| ئەگەری کارلێککردنی منداڵەکانم لەگەڵ کەسانی نامۆدا لەو پلاتفۆڕمە مەترسییەکی بەرچاوی سەلامەتی دروست دەکات. | هیچ کات | 84 | 17.1 | | |
| | هەندێک کات | 72 | 14.6 | | |
| | نازانم | 20 | 4.1 | | |
| | زۆر کات | 232 | 47.2 | | |
| | بۆ هەمیشە | 84 | 17.1 | 3.32 52 | 1.37179 |

ئەزموونە هەستپێکراوەکانی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگای ناوخۆیی بووە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییە کەسییەکان لە نێوان تاکەکاندا، هەرچەندە ئەو کەسانە یان لایەنانەی کە لە ڕێگەی گروپەکەوە کارلێک دەکەن، بە شێوەیەکی واقیعی ڕووبەڕووی یەکتر نابینن، بەڵام کاریگەری و حوکم لەسەر تاکەکان دروست دەکەن. ئەوان پەیوەندی دەکەن بە پشتبەستن بەو نیشاندەرانەی، کە لە کاتی پرۆسەی کارلێکی ئەرێنی و گەشەپێدان لە ناو کۆمەڵگای ناوخۆییدا بەدەستی دەهێنن (محمود، ٢٠٢١: ١٦٤).

ئەرکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دایک و باوک بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی و ڕاهێنانیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی زانیاری و چۆنیەتی شێواز و ڕەفتارەکانی ژیان، دەکرێت بەم شێوەیە فێرکردن پێناسە بکەین بریتییە لە "ڕوودانی گۆڕانکارییەکی دیار و بەرچاو لەسەر چۆنیەتی بەجێهێنان و وەڵامدانەوەی دەوروبەر" (ئالانی, ٢٠١٤: ١٩٧). لە خشتەی ژمارە (٥)دا مامناوەندی و لادانە ستانداردەکان دەخاتەڕوو بۆ تێڕوانینەکانی دایک و باوکان سەبارەت بەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە. بەرزترین مامناوەندی (3.3252) ئەوە پیشان دەدات، کە دایک و باوکان تەواو نیگەرانن لە مەترسی سەلامەتی منداڵەکانیان بۆ ئەگەری کارلێککردن لەگەڵ کەسانی نامۆ لە تیکتۆکدا. بە هەمان شێوە نیگەرانییەکی مامناوەند تا بەرز دەردەبڕن سەبارەت بە ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێشی تیکتۆک (3.187) و کێشەکانی زانیارییە کەسییەکان و پاراستنی نهێنییەکانی منداڵەکانیان (3.1382). دایک و باوکان دان بەوە دا دەنێن، کە کێشەیان هەیە لەبارەی ئەوەی چۆن بتوانن

هاوسەنگییەک دروست بکەن لەڕووی پێدانی سەربەخۆیی بە منداڵەکانیان و لەهەمان کاتیشدا دڵنیابوون لە سەلامەتیان (3.122) و دایک وباوکان پێیان وایە زۆر بوونی ئامێری جۆراوجۆر وای کردووە بە ئەستەم بتوانن چاودێری تەواوی منداڵەکانیان بکەن (2.9756). دایک و باوکان گرفتی کەمی شارەزاییان لە تەکنەلۆژیای نوێ هەیە و بەپێچەوانەوە منداڵەکان شارەزاییان زیاترە، ئەمەش ئەرکی چاودێری لەلایەن دایک و باوکانەوە قورستر دەکات. (2.7805) فشاری کۆمەڵایەتی (2.6098)، ئالوودەبوون (2.6911)، و کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر خۆبەگەورەزانین (2.8374) هەموو ئەمانە نیگەرانییەکی تەواوی دروست کردووە بۆ دایک و باوکان.

دۆزینەوەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە دایک و باوکان بە پلەی یەکەم نیگەرانن لە مەترسییە سەلامەتییەکانی پەیوەست بە کارلێکی منداڵەکانیان لەگەڵ کەسانی نامۆ لە تیکتۆک، هەروەها ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و تایبەتمەندی. ئەم نیگەرانیانە لەگەڵ ئاستەنگەکانی چاودێریکردن بەهۆی بەردەستبوونی ئامێرەکانەوە، تیشک دەخەنە سەر ئەو ئاڵۆزییەی کە دایک و باوک ڕووبەڕووی دەبنەوە لە پاراستنی ئەزموونی ئۆنلاین منداڵەکانیان.

خشتەی ژمارە (٦): پەیوەندی لەنێوان ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان

| Correlations | | |
|---|---|---|
| | | بەها پەروەردەییەکان |
| Spearman's correlation | Correlation Coefficient | 0.667** |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 |
| | N | 492 |
| Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed). | | |

خشتەی ژمارە (٦) پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان دەخاتە ڕوو، کە ڕێژەی پەیوەندی سپیرمان 0.667 نیشان دەدات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز، واتە لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک، زیادبوونی هاوتا لە کاریگەرییە هەستپێکراوەکان لەسەر بەها پەروەردەییەکان زیاد دەکات. بەهای p (Sig. 2-tailed) ی 0.000 زۆر گرنگە، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە، کە پەیوەندییەکە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە لە ئاستی 0.01. قەبارەی نمونە 492 (N) یە، ئەمەش بەهێزی بۆ دۆزینەوەکان زیاد دەکات. بەم شێوەیە بەکارهێنانی تیکتۆک پەیوەندییەکی بەهێزی بە بەها پەروەردەییەکانەوە هەیە.

خشتەی ژمارە (٧): کاریگەری بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان

| ANOVAa | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێگیر | Unstandardized Coefficients | | Standardized Coefficients | t | Sig. | R | R Square | F | Sig. |
| | B | Std. Error | Beta | | | | | | |
| | 7.283 | 0.872 | | 8.354 | 0.000 | .684a | 0.468 | 430.578 | 0.000 |
| بەکارهێنانی تیکتۆک | 0.887 | 0.043 | 0.684 | 20.750 | 0.000 | | | | |

| | |
|---|---|
| a. Dependent Variable: بەها پەروەردەییەکان | |
| b. Predictors: (Constant), بەکارهێنانی تیکتۆک | |

خشتەی ژمارە (٧) کاریگەری بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان ئاشکرادەکات. بەهای گرنگی (.Sig) 0.000 ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان. بەهای F کە بریتییە لە 430.578، بە گرنگی 0.000، زیاتر پشتگیری لەم گرنگییە دەکات. بەهای R-squared کە 0.468 یە نیشان دەدات، کە نزیکەی 46.8%ی جیاوازی لە بەها پەروەردەییەکان بە بەکارهێنانی تیکتۆک ڕوون دەکرێتەوە. ڕێژەی ستاندارد (بێتا) بۆ بەکارهێنانی تیکتۆک 0.684 یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئەرێنی بەهێز. بەهای (t) کە بریتییە لە 20.750 بە بەهای گرنگی 0.000، پێشنیاری کاریگەری بەهێزی بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان دەکات، لەگەڵ ڕێژەیەکی ناستانداردکراو 0.887 (B)، واتە بۆ هەر یەکەیەکی زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک، بەها پەروەردەییەکان بە ڕێژەی 0.887 یەکە زیاد دەکات.

شیکارییەکە دەری دەخات کە بەکارهێنانی تیکتۆک کاریگەرییەکی بەرچاو و ئەرێنی لەسەر بەها پەروەردەییەکان هەیە، لەگەڵ ڕێژەی بەهێز و گرنگی ئاماری کە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک پەیوەندی بە بەها پەروەردەییە باڵاکانەوە هەیە. ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە تیکتۆک پێشبینیکەرێکی مانادارە بۆ پەرەپێدانی بەهای پەروەردەیی، بۆیە وا باشترە ڕێک بخرێت و بەدواداچوون و سانسۆری بۆ بکرێت.

وەک توێژەرێکی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری، ئەم دۆزینەوانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕێگا (Nuance) نیوانسانەی، کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان- "تیکتۆک" کارلێک لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی کولتووری دەکەن، کە لەناو خێزانەکاندا دەگوازرێنەوە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەحەدای دەکەن. گۆڕانکاری لە وەڵامەکانی دایک و باوکدا ئەوە پیشان دەدات، کە تیکتۆک هەم وەک شوێنی یەکگرتنی کولتووری و هەم وەک ململانێ کار دەکات، کە ناوەڕۆکی جیهانگیر لەوانەیە لەگەڵ بەها ناوخۆییەکان یان خێزانییەکان بەریەک بکەون. ئەم گرژییە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە فراوانترەکانە، لە چۆنیەتی کاریگەری بەکارهێنانی میدیا لە پێکهاتنی ناسنامە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی نۆرمەکانی کولتووری بۆ نەوە گەنجەکان.

ئەو نیگەرانییانەی کە لەلایەن دایک و باوکانەوە دەربڕدراون سەبارەت بە ناتەبایی ناوەڕۆک لەگەڵ بەهاکانیان، جەخت لەسەر سروشتی داینامیکی گواستنەوەی کولتووری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکەنەوە، کە منداڵان بەرکەوتەی سیستەمی بەهای جۆراوجۆر و هەندێک جاریش دژبەیەک دەبن. ئەمەش پرسیاری گرنگ لەسەر چۆنیەتی دانوستان و پاراستنی بەها کولتوورییەکان لە چوارچێوەی گۆڕانکاری خێرای تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتیدا دەوروژێنێت. گۆڕانکاری بەرچاو لە وەڵامەکاندا زیاتر ئاماژە بە پێویستی گەرانێکی قووڵتر و ئێتنۆگرافی دەکات، کە چۆن خێزان و کۆمەڵگە جیاوازەکان ئەم تەحەددایانە بەڕێوە دەبەن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ستراتیژییە جیاوازەکانی گونجاندن، بەرخۆدان، یان تێکەڵکردنی ئەم کاریگەرییە دیجیتاڵییە نوێیانە لە چوارچێوەی کولتووری خۆیاندا ئاشکرا دەکات.

## 3- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

### 3-1- دەرئەنجام

1. ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونی دایک و باوکان لەسەر کاریگەرییەکانی تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهاکانی پەروەردەیی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی ئەنجام دراوە. نزیکەی نیوەی دایک و باوکەکان "هەردووکیان" پلاتفۆرمی تیکتۆک بەکاردەهێنن. هەرچەندە لە تیکتۆک وەکو یوتیوب فلتەری خێزانی تێدا نییە و ئاماژەی پێ نەکراوە، "فلتەرەکانی خێزان" دەتوانن ئەو ناوەڕۆکە فلتەر بکەن کە دایک و باوک ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.
2. کاتێک بۆچوونی دایک و باوکەکان سەبارەت بەو کاتەی کە منداڵەکانیان لە تیکتۆک بەسەری دەبەن وەرگیرا، زۆربەی دایک و باوکەکان ڕایان گەیاند کە منداڵەکانیان (٢) دوو کاتژمێر زیاتر کاتەکانیان لە تیکتۆک بەسەر دەبەن. بەپێی

راپۆرتێکی پێگەی "datareportal" هاتووە، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەعێراق و هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٧٨.٧% یە. کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە منداڵان نابێت لە ٢ کاتژمێر زیاتر کاتەکانی شاشەیان هەبێت.

3. یەک لەسەر سێی دایک و باوکان نیگەرانن لەو کاتەی کە منداڵەکانیان لە تیکتکۆک بەسەریان بردووە، کەچی بە هەمان دەرئەنجام یەک لەسەر سێی دایک و باوکیش نیگەران نیین. بە گوتەی زیاتر لە نیوەی دایک و باوکەکان، ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە کە فێری منداڵەکانیان دەکەن ، پێچەوانەی ئەخلاقەکانیانن. ئەم دژایەتییە دەتوانرێت بە ناکۆکی نێوان ئەولەویەتەکانی دایک و باوک و منداڵ و مەیلی دایک و باوک بۆ پاراستنی بەهاکانیان ڕوون بکرێتەوە. دایک و باوک چاودێری ڕەفتاری منداڵەکانیان دەکەن، زۆرجار ئەو تیکتۆککەرەانە ناناسن کە منداڵەکان سەیری دەکەن و فۆلەوەرین، بۆیە تیکتۆککەرەکان لە هەندێک ڤیدیۆدا هەڵسوکەوتی خراپ بکەن. هەرزەکاران، کە هەڵسوکەوتی خراپیان بە کۆمیدی یان ڤیدیۆیەکی هەزەلی دەزانن، لەوانەیە لاسایی ئەو ڕەفتارانە بکەنەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی کێشە بن. دەشێت بڵێین ئەم جۆرە بارودۆخانە کێشە لە نێوان دایک و باوک و منداڵەکاندا دروست دەکەن.

4. لە ئەنجامێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە دایک و باوکان نایانەوێت منداڵەکانیان ببن بە تیکتۆککەرە. ڕێژەی ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان تیکتۆککەرەکان زۆرجار وەک نمونەی ڕۆژانە وەردەگرن و ئەوانەی کە هەندێکجار نزیکە لە یەکتر. جگە لەوەش دایک و باوکان ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە نییە، کە منداڵەکانیان فۆلۆوی تیکتۆککەرەێک بکەن، کاتێک ئەم سێ ئەنجامە لەبەرچاو دەگیرێن، لەکاتێکدا منداڵان تیکتۆککەرە لە ژیانیاندا هەیە، دایک و باوک نایانەوێت منداڵەکانیان وەک ئەو تیکتۆککەرە بن یان وەک نموونە وەریان بگرن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە کە دایک و باوک ناوەڕۆکی تیکتۆک وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێکهاتەی خێزانەکە هەست پێ دەکەن. دەتوانرێت بڵێین ڕەفتار یان لێدوانی جۆراوجۆری تیکتۆککەرە لەگەڵ سیستەمی بەهای خێزانەکان- بینەرەکاندا ناگونجێت. بەگوێرەی خشتەی ژمارە (5) لەسەرەوە کە ڕێژەی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان دەخاتە ڕوو، هەموو ناوەڕۆکی تیکتۆک بە تەواوی نەرێنی نییە، بەڵام ئاگادار نەبوونی دایک و باوک لەم ڕاستییە دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی لێ بکەوێتەوە.

5. لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە، دایک و باوک باوەڕیان بەوە نییە، کە تیکتۆککەرەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەر بەهاکانی منداڵان هەبێت، گۆڕانکاریی ڕوویداوە لە بەهاکان و ڕەفتارەکانی منداڵەکانیان، یەک لە سەر سێ پێیان وایە منداڵەکانیان ڕێز لە خۆ گەورەتر ناگرن، کە ئەمەش بەهایەکی هەرە کاریگەری کۆمەڵگای کوردییە. دایک و باوکەکە بەشێکیان پێیان وایە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆڕمە منداڵەکانیان پابەندنیین بە ئەرکەکانی قوتابخانە. بەهەمان شێوە دایکان و باوکان باوەڕیان بەوە نییە، کە منداڵەکانیان فێرە ئەو قسەنەشیاوانە بوونە کە لەلایەن تیکتکۆکەرەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت. وەکو توێژەر ئەوەی سەرنجامان داوە بەشێک لەو منداڵانە هەمان ئەو قسە ناشیاوانە دووبارە دەکانەوە کە لەلایەن تیکتۆککەرەکان ئاڕاستە دەکرێت و لە شاشەکان دەبینرێت، بۆیە تیکتۆککەرەکان دەکرێت فێر بکرێن و بە فلتەر بکرێن بەمەبەستی بەشداریکردن لە بەهاکانی پەروەردەیی وەک ڕێزگرتن، بەها ئەخلاقییەکان، بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بەزەیی، لێبوردەیی، خۆکۆنترۆڵکردن، خێرخوازی، هاوسۆزی، نیشتمانپەروەری، هاوڕێیەتی، خێرخوازی.

### 2-3- ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

1. پێویستە دایک و باوک چالاکانە چاودێری و بەشداریکردن لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەدا بکەن کە منداڵەکانیان لە سۆشیال میدیا-تیکتۆکدا بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی دڵنیابن، کە لەگەڵ بەهاکانی خێزانەکەیاندا دەگونجێت. بە بەشداریکردن لە گفتوگۆکان سەبارەت بەوەی منداڵەکانیان سەیری چی دەکەن، دایک و باوک دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بەهێزکردنی بەها ئەرێنییەکان و چارەسەرکردنی هەر ناوەڕۆکێک کە ڕەنگە لەگەڵ فێرکارییە ئەخلاقییەکانیاندا ناکۆک بێت.

2. قوتابخانە و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە وۆرک شۆپ بۆ دایک و باوک و منداڵان لەسەر خوێندەواری دیجیتاڵی پێشکەش بکەن، کە گرنگی بە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بۆ ناوەڕۆکی ئۆنلاین بدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی

ئەوەی کە هەردوو دایک و باوک و منداڵ بەو لێهاتووییانەی کە پێویستن مامەڵەیەکی بەرپرسیارانە لەگەڵ پلاتفۆڕمەکان (تیکتۆک، یوتوب،...) بکەن.

3. پێویستە دایک و باوکان سنوورێکی کاتی شاشە بۆ منداڵەکانیان دابنێن، بە شێوەیەکی ئایدیاڵ لەنێوان (١- ٢) کاتژمێر زیاتر نەبێت لە ڕۆژێکدا، بۆ دڵنیابوون لە شێوازێکی ژیانی هاوسەنگ کە کات بۆ پەروەردە و چالاکیی جەستەیی و ڕووبەڕووبوونەوە لەخۆدەگرێت.

4. ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ هاوکاری لە نێوان دامەزراوە پەروەردەییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان- تیکتۆک بۆ دروستکردن و پێشخستنی ناوەڕۆک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەها پەروەردەییەکان.

5. توێژینەوەی زیاتر پێویستە، بۆ توێژینەوە لە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی تیکتۆک لەسەر گەشەکردنی پەروەردەیی و ئەخلاقی منداڵان. داڕێژەرانی سیاسەت پێویستە ئەم دۆزینەوانە لەبەرچاو بگرن لەکاتی پەرەپێدانی ڕێساکان لە دەوری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن منداڵانەوە، دڵنیابن لەوەی کە پلاتفۆڕمەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بەو ناوەڕۆکە کە بەکارهێنەرانی گەنج دەستیان پێ دەگات.

6. پێشنیار دەکەم هەوڵبدرێت لە شار و شارۆچکەکانیتری هەرێمی کوردستان توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت.

7. توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر پلاتفۆرمەکانیتری سۆشیال میدیا لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

1.سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :


- باخەوان، ع.، ٢٠١٥. سۆسیۆلۆژیای زەبر و زەنگ. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- حەسەن, ش.، ٢٠١٥. دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- خۆشناو، ک. ا. خ.، ٢٠٢٤. بنیاتی هونەریی لە (مۆبایلە شیعر)یی کوردییدا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان, ٢٨(٣), pp. ٢٢٤- ٢٣٧.
- سیوەیلی، ڕ.، ٢٠١٦. فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە. ماڵی وەفایی، هەولێر/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- سەعید, ف.، ٢٠٢٠. لیۆ ڤیگۆتسکی: تیۆریی سۆسیۆکولتووری و پەروەردەی هاوچەرخ. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- عبدالله، چ. س.، ٢٠٢٤. کاریگەری خوێندن بە زمانە بیانییەکان لەسەر ئاستی فێربوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانییە لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە). گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٨(٤).
- عثمان, س. ی. & علی, س. ا.، ٢٠٢٤. کاریگەری پرۆگرامێکی فێرکاری بە بەکارهێنانی یاری بۆ کەمکردنەوەی فرە جوڵەیی لای منداڵانی باخچە. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.
- عەبدوڵلا, ز.، ٢٠٢٢. سۆسیۆلۆژیای کولتوور. چاپخانەی جەنگەڵ، کوردستان.
- قادر،ه.،٢٠٢٤.ڕووداودیجیتاڵ. Available at: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/280620242 [١٥. ٠٨. ٢٠٢٤].
- میران، ڕ.، ٢٠٢١. مرۆڤناسی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- ناصر، ئ.، ٢٠٢٠. زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی. وەرگێرانی: دانا نادر محمد، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
- ئالانی، ع.، ٢٠١٤. پەروەردەکردنی منداڵەکانمان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگا و قوتابخانەدا. چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.


2.سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :


- ابراهيم، ى.خ.، ٢٠١٣. سوسيولوجيا (الخصائص الاجتماعية) للقائم بالاتصال فى الإعلام الإسلامي. تأليف: التربية الإعلامية، والمسؤولية الاجتماعية للإعلام الإسلامية. بغداد: دارالنفائس، للنشر و التوزيع- الأردن.
- الزهراني، ى. م. ع.، ٢٠١٨. أثر استخدام وسائل التواصل الاجتماعي. كلية التربية بالإسماعيلية، المجلد ٤١.
- خليفة، ف. ح. س.، ٢٠٢١. وسائل التواصل االجتماعي ودورها في تشكيل الوعي االجتماعي. كلية التربية، المجلد ٢٢.

– عبدالباقی، هـ. ا. م. م.، ٢٠٢٠. أثر الخداع الإعلانی علی القرار الشرائی للمستهلك على وسائل التواصل الاجتماعی و الكلمة المنطوقة كمتغير وسيط- دراسة تطبيقية علی جامعة تبوک. العلوم الاقتصادية و الادارية و القانونية، ٤(٧)، pp. ١٥٩- ١٨٢.
– محمدی، و. ح. و حسنی، ا.، ٢٠٢٤. انماط إنتاج الشباب المصری للفيديوهات القصيرة علی تطبيق تيک توک. المجلة العلمية لبحوث الصحافة، المجلد ٢٨.
– محمود، ر. ع.، ٢٠٢١. وسائل التواصل الاجتاعی وتنمية المجتمع المحلی (دراسة ميدانية فی محافظة بنی سويف). مجلة كلية الاداب- جامعة بنی سويف، المجلد عدد خاص. مدينة بني سويف/ مصر.

### 3. سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

– Ahmed, H.I., 2018. Coffee Houses Culture in Erbil: A Review. Qalaai Zanist Journal, 3(4).
– BALTACI, A., 2019. SOCIAL SYSTEM THEORY AND ITS EFFECTS ON EDUCATIONAL ORGANIZATIONS. Medeniyet Eğitim Araştırmaları Dergisi, 3(1).
– Batson ،C .D. .2011 ،Altruism in Humans .Oxford University Press.
– Beaty ،J .J. .2016 ،Skills for Preschool Teachers .Pearson Education.
– Ibrahim, H.R. and Ahmed, H.I., 2023. The Role of Civilization Management in Social Life-Analytical Research (Economic, Administration and Cultural) in Erbil City. Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research, 3(8S).
– Iodice ،R و .Papapicco ،C. .2021 ،To be a TikToker in COVID-19 Era: An Experience of Social .Online Journal of Communication and Media Technologies.
– Miran, R., Novakova, D.M.K.S. and Ahmed, H.I., 2021. Culture and values in Kurdish society in the Kurdistan Region of Iraq. مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع, (68).
– Pfattheicher, S., Nielsen, Y. A. & Thielmann, I., 2022. Prosocial behavior and altruism: A review of concepts and definitions. Current Opinion in Psychology, Volume 44.
– Suryanti, I., 2023. Educational Values in Seloko Traditional Marriage of the Mersam Community, Batanghari Regency. Indonesian Journal of Education Research, 4(:2722-1326).
– Wang ،L. ،Bruce ،C و .Hughes ،H. .2013 ،Sociocultural Theories and their Application in Information Literacy Research and Education .Australian Academic & Research Libraries ،Issue https://doi.org/10.1080/00048623.2011.10722242.
– we are social .2023 ،https://wearesocial.com Available at :https://wearesocial.com/wp-content/uploads/2023/03/Digital-2023-Global-Overview-Report..[2023 10 31]
– Yasaroglu, C. & Boylu, M. A., 2020. Youtubers' Effect on Children's Values: Parents' Views. European Journal of Educational Sciences, 7 No.4 (1857- 6036).
– YAZICI, M., 2013. THE VIEWS AND PROFILES OF THE TEACHERS VOLUNTARILY ARTICIPATING IN VALUES EDUCATION. International Journal of Social Science, Volume 6 (Issue 2).

**تأثير تيكتوكر على القيم التعليمية: دراسة أنثروبولوجية في مدينة أربيل**

**هيردن ابراهيم احمد**
قسم علم النفس،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،أقليم
كوردستان،العراق
herdn.ahmed@su.edu.krd

**ملخص**

يتناول هذا البحث من خلال عدسة الأنثروبولوجيا الثقافية. في مشهد رقمي سريع النمو، برز تيكتوك كقوة ثقافية مهيمنة في السنوات الأخيرة، وكان له تأثير كبير على حياة الأطفال والمراهقين. ما يلعب دورا رئيسيا في هذه المنصة هو "TikTokers" الذين لديهم تأثير كبير على قيم ومعتقدات جمهورها.

لمعالجة مشكلة هذا البحث، تم استخدام نهج الأنثروبولوجيا الثقافية، الذي يجمع بين الملاحظة المشاركة والعمل الميداني وتحليل المحتوى ونماذج المسح. باستخدام تصميم مقطعي وصفي يستهدف أولياء أمور الطلاب في وسط مدينة أربيل، استخدمت هذه الدراسة تقنية أخذ العينات الملائمة ( Convenience Sampling). تم استخدام G*Power الإصدار 3.1.9 لحساب عينة الدراسة، وتم تحليل 492 نموذج مسح مكتمل. تسهل المنهجية فهم كيفية تفاعل الطلاب الابتدائيين مع محتوى تيك توك في سياقهم الثقافي.

تسلط النتائج الضوء على الديناميكيات الثقافية المعقدة لتيك توك، مع التأكيد على دور تيك توك في تشكيل القيمة التعليمية؛ عبروا الآباء عن قلقهم من أن محتوى تيك توك يتعارض مع القيم التربوية التي يعلمونها لأطفالهم؛ والعديد من المعلمين عبروا عن معارضتهم الشديدة لطموح أطفالهم إلى أن يصبحوا من مستخدمي تيك توك. تقدم الدراسة رؤى للآباء، وتسلط الضوء على التحديات وتأثير وسائل التواصل الاجتماعي على رفاهية الأطفال وتنمية القيم. يمكن أن تفيد النتائج المناقشات حول إنشا ء محتوى مسؤول وتعزيز القيمة التربوية في المساحات الرقمية.

**الكلمات المفتاحية:** TikTokers، القيمة التعليمية، الأخلاق الرقمية، السلوك الاجتماعي الإيجابي

**The Impact of Tiktokers on Educational Value: An Anthropological Study in Erbil**

**Herdn Ibrahim Ahmed**
Department of Psychology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
herdn.ahmed@su.edu.krd

**Abstract**

This research is examined through the lens of cultural anthropology. In a rapidly growing digital landscape, TikTok has emerged as a dominant cultural force in recent years, having a significant impact on the lives of children and teens. What plays a key role in this platform is the "TikTokers" who have a significant impact on the values and beliefs of its audience.

To address the problem of this research, a cultural anthropological approach is used, monitoring participants, fieldwork, content analysis, and survey forms. Using a descriptive cross-sectional design targeting parents of students in the centre of Erbil, in this study, a convenience sampling technique is used. G*Power version 3.1.9 was used to calculate the study sample, and 492 completed survey forms were analyzed. The methodology facilitates an understanding of how primary students engage with TikToker content in their cultural context.

The findings highlight the complex cultural dynamics of TikTok, emphasizing the role of TikTokers in shaping educational value; Parents expressed concern that TikTok content contradicted the educational values they were teaching their children; many educators expressed strong opposition to their children aspiring to be TikTokers. This study provides insights for parents, shedding light on the challenges and impact of social media on children's well-being and improving their cultural values. The results can inform discussions on creating responsible content and promoting educational value in digital spaces.

**Keywords:** TikToker, educational value, digital ethics, prosocial behavior